www.kurdistannet.org

# هەڵۆێست

**بۆ ئەو چرپە و نزا وهاوارە خنکێنراوانەی بەلادا**

**کەوتن، بەرلەوەی بەر پەردەی بیستن بکەون...**

دارا عەلـی
**daraali@yahoo.com**
٢٠٠٢/٣/١٨

مەگەر ئێمە عەشقی بەهار نەبوویێتین!!

هەتا سەرانی وەرز دز،

بکووژانی گووڵ و باران،

لە جێ ی یادی ١٦ی مارتی دا

www.kurdistannet.org

بە بڕیارێکی پێشت وەخت،

دیسانەوە

باڵامبۆیەك ؛

بە خەون و شیعر و مانگی یەوە،

زامی شارێك؛

بە خاك و  ئاسمان وهەوا و زنەی چاوەکانی یەوە،

لە گێژەنی مەرگ و ژەهرا   نغرۆ  بکەن.

باڵای عەرعەری وەرزێکی چرۆ کردووم ببڕنەوە و

بە بێ شەرم،

مارشی سەرکەوتن بکووتن و

بە سەما و هەڵپەڕینەوە بگەڕێنەوە.......

؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

ئەوەتانێ

لە سەرەتای  مانگی مارتی گشت ساڵێکدا

دایکم هەناسە سوارە و وەك درەختێکی هەڵکەنراو،

بە شپرزەوە دێ و دەچێ و

www.kurdistannet.org

هەموو ڕۆژێ؛

بەر لەوەی خۆرەتاو هەڵبێ،

بە ڕەشپۆشی

چمکی عەباکەی گرتووە و

بە چاوانی تەڕی یەوە

ڕوو لە ئاسۆ،

سەرنج لە کازیوە دەبڕێ و هەنگاو دەکووتێ.......

مەڕۆ ، ئازیز و گلێنەم

مەگەر ئێمە لە ماڵی خۆشەوویستی دا،

باخێك لە جوانی بێ ناوی "گۆران"مان نە بێ بۆ جێ ی ژووان.

یا ژووریێکمان دەست نەکەوێ بۆ دیدەنی مانگی دوانزەی عەشقی

"نـالـی" و،

دیوەخانێك بۆ پێشوازی باوەشێکی پڕ لە ماچی دیوانەکەی " مامەیارە"و

گیانی پڕ وورەی "قـانیـع" و

ڕۆحی لە گزنگ هەڵکێشراوی "بێکەس" و

www.kurdistannet.org

مەگەر چرپایەك نەمابێ  بۆ بەرائەتی منالێ و

هەڵسانەوەیەك بۆ وویژدان،

مەگەر  مشتێك لە ئەوین و

پڕ بە گەرووی هەناسەیە لە ئۆكسجین،

یاخود باوەشێ لە ژیان نەبێ بۆ نەفرەت لە مەرگ و

لە تاوان و

لە ئەنفال و كیمیاباران.

مەگەر ..........مەگەر

مەگەر.......... مەگەر  ئێمە گیانێكی بێ گیان بیین؛

هەتا بكووژانی خەونی كۆن و تازەی ساڵ ـوەرزی بوون

بێن و بێشك

بەسەر گیانی ساردو سڕمان دا   تێپەڕن و

ئێمەش سەركز و بە بێ دەنگ  هەڵسینەپێ و

چاوەكانمان بنووقێنیین.

چاوەكانمان بنووقێنیین؛

تا ئەو كاتەی پەل و پۆی هەستی "تۆ" سیس و

www.kurdistannet.org

پڕ و پوّی هوّشی بیّ هوّشی گیانی ”من“یش دادەڕزیّ!!!!!!